# نەوەی نوێی کورد، کەڵکەڵەی داهێنانیان هەیە
# گفتوگۆیەک لەگەڵ قوتبەدینی سادقی



**د.قوتبەدینی سادقی رووناکبیرو شانۆنوسی کورد، ئەستێرەیەکی دیاری بواری شانۆیە لەئێرانداو بەردەوامیش لەبەرهەمو گفتوگۆکانیشدا، جەخت لەسەر رۆحی کوردانە دەکاتەوە، کە ئێستا پێویستییەکی دیاری هەموو بوارە هونەرییەکانمانە.. ئەمەش بەشێکە لەدەقی گفتوگۆی د.سادقی سەبارەت بە شانۆ لەسەرتاسەری کوردستان و کورد لەمەیدانی شانۆدا. (و-ک)**

**لەفارسیەوە: کارزان محەمەد**

***لەپانتاییەکی بەرفراوانی جوگرافیدا، هەنوکە (شانۆی کوردی) زۆر بەکاردەهێنرێت لەم روانگەوە چۆن لەشانۆی کورد نوێی دەڕوانیت؟**

– لەپەیوەندیدار بەمەوە، دەبێ سێ باس لەیەکتر جیابکەینەوە. باسی یەکەم ئەمەیە، کە شانۆ لەکوردستان لەرێگەی تیپە شانۆییەکانەوە گەشەی کردووە، هەنوکە شارێك لەکوردستاندا نییە کە تیپی شانۆی نەبێت. ئەم بابەتە بەبەراورد لەگەڵ دوو یا سێ دەیەی رابردوودا زۆر جیاوازە. لەهەرکام لە شارەکاندا، چەندین تیپی شانۆیی سەرکەرمی

جالاکین. لاوانی ئێمە وەك میدیایەکی کلتوری بۆ خستنەڕووی باڵنەرەکانو هزرەکانی خۆیانەوە پەیان بەگرنگی شانۆ بردووە. شانۆ دەتوانێ بۆ جێبەجێکردنی کەڵکەڵە کلتوریی، فکریی‌و مێژووییەکانی ئەم لاوانە، هاوکارییەکی زۆرباش بێت. نەوەی نوێی کورد، کەڵکەڵەی داهێنانیان هەیە. نەوەی نوێ هاوکات رەخنە لەسوننەتو دەسەڵات دەگرن‌و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەشدان کە بەشێوەی لژیەکی مێژوویی بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا داسەپێنراوە.

بابەتی دووەم ئەمەیە، کە بەرلەم گۆڕانانە، بەشێکی زۆری ئەو شانۆییانەی کە لەکوردستاندا پێشکەش دەکران، فارسی بوون. واتا نمایشکردنی ئەو شانۆنامانەبوون کە لەمەرکەزدا دەنوسران‌و جاپدەکران‌و پەیوەندییەکی وردی بە کلتوری ئێمەوە نەبوو. هەندێ لەوانە لێکدانەوەیەکی گشتیبوون وەك بەرهەمەکانی بەیزایی‌و ساعدی کە ئێمە وەك پرۆژەیەکی فکریی سودمان لێوەرگرتووەو بەرەزامەندییەتێکی ناراستەوخۆوە، پێداویستی‌و خواستەکانی خۆمان لەم بازنەیەدا باسکردووە، بەڵام پەیوەندی زۆری بەتایبەتمەندییە کلتوری‌و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەوە نییە. ئەم هەوڵانەش لەهەندێ لەشارەکاندا وەك سنە، سەقزو مەریواندا هەیە، بەڵام هەنوکە ئەم بابەتە قۆناغێکی جیاوازتری بەخۆوەگرتووە. من لەساڵی (١٩٨٠)دا بۆ سنە گەڕامەوە. لەوکاتەدا بارودۆخێکی سیاسی زۆر خراپتر فەرمانرەوا بوو، گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان تازە شارەکانیان جێهێشتبوو و هەنوکە فەزاکە بەتوندی ئاگراوی بوو و خەڵك لەرووی ئابورییەوە لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا بوو، بەڵام بۆیەکەمجار کە من پۆلی شانۆم کردەوە نزیکەی (٧٠)کەس لەسنە ناویان تۆمارکرد، کە بەلامەوە زۆر سەرسورهێنەربوو. مەبەستم ئەمەیە کە ئێمە لەبارودۆخێکی لەوجۆرەدا شانۆمان دەستپێکرد. رەنگە پەشێویی سیاسی لەکاتەدا بووبێت بەمایەی ئەوەیکە پێشوازیی لەبابەتە کلتوریی‌و هونەرییەکان زۆرتر بێت. واتا بارودۆخی سیاسی فەرمانرەوای ئەوکاتە، وای لەئێمە کرد، کە لەبیری خستنەڕووی پێناسێکی وردی خۆماندا بین و بەتێڕوانینی من، هونەر لەم بارەیەوە زۆر هاوکاری ئێمەی کرد. لەبەرئەوەی هاوکات خاوەنی ڕاگەیاندن، لێکدانەوە، بیرکردنەوەو داهێنان بوو.

دوای ئەم قۆناغە، قۆناغی سێیەم دەستپێدەکاتو ئەویش ئەمەیە کە ئێمە، کەوتینە بیری نمایشکردنی شانۆی کوردییەوە کە کارێکی زۆر سەخت بوو. لەکۆمەڵگایەکدا کە بەشێوەی رەسمی فێربوونی زمانی کوردی تیادا نییە، بەکوردی نوسین‌و نمایشکردن بەزمانی کوردی؛ زۆر بەگرفتە. ئەمە جوڵانەوەیەکی زۆر گرنگ بوو کە هەنوکە بەشێوەیەکی بەربڵاو درێژەی هەیە.

***بەتێڕوانینی تۆ ئەگەر نمایشێك بەزمانی کوردی پێشکەش بکرێتو نمودەکانی تری وەك پۆشاکی کوردی‌ودیمەنێك لەسەربنەمای تایبەتمەندییە کلتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی تیادا بێت، دەتوانێ چەمکی شانۆی کوردیی بۆخۆی هەڵبگرێتو خۆی لەشانۆکانی تر جیابکاتەوە؟**

—دەبێ لەیەك شوێنەوە دەستپێبکات. کاتێ شتێك بوونی نییە، یەکەمین کار کە بتوانرێ بکرێت، کارکردنە لەسەر زمان. هیچ شتێك وەك زمان ناتوانێت ناسێنەری ناسنامەی نەتەوەیەك بێت، چونکە لایەنێکی زۆری سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆجی، فەلسەفە، سیمیۆلۆجی، چەشنناسی و.تاد لەخۆگرتووە. هیچ شتێك وەك زمان هاوکاری نەتەوە ناکات بۆ دۆزینەوەی قەڵغانێکی مێژوویی‌و رۆح‌و ناسنامەی نەتەوەیی. هەنگاوی یەکەم زمانە بەتایبەتی بۆ خەڵکێك کە هیچ پشتیوانییەکیان نییە، هیچ رابردوویەکیان نییەو هیچ ئەنبارو ئەزموونێکیان نییە.

***ئایا بەتێڕوانینی تۆ پێکهاتەی (شانۆی کوردی) بەو ئەندازەیەی کە بەرهەمی کەڵکەڵە ناسنامەیی‌و نزیکەی سیاسییە، دەتوانێ بەرهەمی ئەو کەڵکەڵانەش بێت کە بەرلەهەرشتێك باس لەخودی شانۆ وەك هونەرێك دەکات. ئایا بۆ نمونە شانۆی ئینگلیزی، شانۆی یابانی، شانۆی ئەفریقایی‌و... تەنها بەوجۆرە ناونیشانانە دەتوانن خۆیان وەك رەگەزێکی تایبەت، یان جوگرافیایەکی تایبەت بگونجێنن؟**

—مۆڵەت بدە پلەپلە بجولێین. بەڵێ ئێمە شانۆمان هەیە بەناوی شانۆی فەرەنسا، شانۆمان هەیە بەناوی شانۆی ئەڵمانیا.

***ئایا ئەم شانۆیانە لەناو ئەم سنورانەداو بەیەکگرتوویی قەتیس ماونەتەوە؟**

—بەڵێ لەجاری یەکەمدا لەناوخۆی ئەم وڵاتانەدایە. گشت کۆمەڵگای کوردیی نزیکەی (٧٠)ساڵە هونەری نمایشکردنی دۆزیوەتەوە. سەرەتا دەبێ ئەم کارە جێگیرببێت. نمایش بەشێکە لەمۆدێرنبوون دەبێ ئەم بابەتە بەشێوەی پێبەپێ جێگیر ببێت. هەنگاوی یەکەم ئەمەیە کە لاوانی ئێمە لەناوخۆی کۆمەڵگادا چەمکێك بەناوی هونەری نمایشکردنی کوردییەوە بخەنەروو و لەپرۆسەیەکدا بەدوای دۆزینەوەی بینەرو فێرکردن‌و پەروەردەکردنییەوە بن. ئەمە زەرورەتێکی کلتورییە. جوڵانێکی تر ئەمەیە کە جێگەی زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی بگۆڕن. ئەوەی ئەم کارەش تاچ ئەندازەیەك پەیوەندیدارە لەگەڵ رۆحی کوردیدا، باسێکی ترە. گشت کۆمەڵگای ئێرانیش نزیکەی (١٥٠) ساڵە کەلەگەڵ شانۆدا ئاشنابووەو لەوەرگێڕانی بەرهەمەکانی مۆلێرەوە دەستپێکردووە.

خودی ئەوروپاییەکان (٥) پێنج سەدەیە کە خاوەنی نمایشکردنن. ئێمەش لە (دارالفنون) واتا لە (١٨٦٤)ەوە دەستمان پێکردووە. هەموو ئەم دەنگوسەدایانە پەیوەندیدارە بە (١٥٠)ساڵەوە، هەروەها دەستپێکردنی ئێمە درەنگتر کراوەو دەبێ باجەکەی بدەین. یەکەمین هەنگاو نوسینە. دەبێ بتوانین بیر، هەستو هەڵوێستمان لەناوزمانی کوردییەوە بگوێزینەوە.

***ئەگەر ئێمە بمانەوێت شانۆمان هەبێت کە نیشاندەری خەسڵەتە کلتوری، کۆمەڵایەتیو مێژووییەکانی خۆمان بێت، ئایا پێویستە لەهەنگاوی یەکەمدا لەکۆتی (شانۆی کوردی)یەوە بچینە ئەم ژانرەوە، یان دەبێ یەکەمجار لەسەر خودی شانۆ کاربکەینو شانۆ خۆی بۆ شوێنێك بۆ دۆزینەوەی ئەم تایبەتمەندییانە بگۆڕدرێت؟**

–هەموو ئەمانە پێکەوە دەست پێدەکەنو کەس ناتوانێت ئەوانە لێکجیابکاتەوە.

***هەنوکە پرسیارێکی تر دروست دەبێت؟**

–نا، مۆڵەت بدە! تۆ دەتەوێت باسەکە بگۆڕیت. وتم کە هەموو شتێك لەتەك یەکتردا بەرەوپێش دەڕوات. بەهەمان ئەندازەی کە شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا گەشە پەیدا دەکات، زمانی کوردیش توانستەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، بینەران پەروەردە دەبنو ئەکتەرەکانیش باشتر ڕۆلبینین فێردەبن. واتا هەموویان بەیەکەوە.

پاشان یەکەمجار دەبێ زمانی کوردی جێگیر بکرێتو لەقۆناغی دواتردا بەم زمانە بنوسرێت.

لەبەرئەوەی لەقۆناغی یەکەمدا ڕەنگە زمانی ئێمە وەرگێران، یان دانان بێتو وەگێرانەکانو دانانەکانیش پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە نییە. کەم کەم تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردیو ناسنامەی کوردیش بەرجەستەتر دەبن. کەم کەم کلتوری ڕابردووش دەدۆزرێتەوەو ئێمە دەبێ ئەو بەشانەی کە یارمەتیدەرە، هەڵبژێرینو بۆ داهێنانی شانۆی ئەمڕۆ بیگوێزینەوە. بۆ نمونە، تەنها باس لەژیان نەکەین، بەڵکە ئەمەش بخەینەروو کە ئێمە خاوەنی یەك کلتوری دێرینو بەهێزی فۆلکۆرین کە بۆنمونە دەکرێ (بەیت)ەکان بەنمونە بهێنینەوە.

لەم ڕێگەیەوەیە کە دەتوانرێت بەرەو کلتورێکی کوردیی کە خاوەنی ڕۆحێکی کوردییە؛ ببزوێین. نمونەیەك دەهێنمەوە، نوسەرێکی فەرەنسی هەیە بەناوی (پیل کلۆدل)، ئەو سیاسەتمەدارێکی ڕاستڕەوی ئاینییە، بەڵام مەزنترین نوسەری سەدەی بیستەمی فەرەنسایەو لە نوسەرانی وەك سارتەر، کامۆ، ژان ئەنوی و کۆکتو مەزنترە، لەبەرئەوەی هیچکام بەئەندازەی ئەو، ڕۆحی فەرەنسیانەی بۆ ناوخۆی کارەکانی نەگوێزاوەتەوە. هیچ کەس بەئەندازەی ئەو سۆزەکان، هەستەکانو سایکۆلۆژیای گشتی فەرەنسای نەناسیوە. ئێمەش دەبێ بەمشێوەیە بکەین. ئێمە دەبێ بەرەو ناسینی ئەم ڕۆحە لەکۆمەڵگای کوردیدا ببزوێین.

ئێمە سێ لایەنی بەهێزمان لەکلتوری خۆماندا هەیە، خۆشەویستی بەهێز، قارەمانێتی بەهێز، عیرفانی بەهێز، کە ئەگەر بتوانین ئەم سیانە هاوکات لەگەڵ مێژووی خۆیدا بەرەوناو شانۆ بگوێزینەوەو بەپرسیارگەلێکی وەك کوردەکان لەمێژوودا چۆن بوون، چ ئەزموونگەلێکیان هەبووەو هەنوکە چۆنن؟ وەڵام بدەینەوە، ئەوکاتە دەتوانین بەرەو ناسینو پەرەپێدانی ئەم ڕۆحە ببزوێین. ئەم کارەش پێویستی بەچەندین ساڵ کاتو مرۆڤی هۆشمەند هەیە. ئێمە ناتوانین هەموو شتێك ڕابوەستێنین، تا بینین، کەی ئەکتەرو نوسەرو دەرهێنەری گەورەمان دەبێت. هەموویان لەگەڵ یەکتردا بەرەوپێش دەچن.

***مەبەست لەڕۆح هەمان ئەو ئەزموونەیە، مەبەستم ئەزموونی مادی نییە، ئەزموونێك کە هەر نەتەوەیەك بەتەنها خاوەنییەتی؟**

–بەڵێ، کۆمەڵە هەلومەرجێکی مێژوویی، کلتوریو کۆمەڵایەتییە، کە دەست دەدەنە دەستی یەکتر. بۆ نمونە وێنای ئێمە بۆ مرۆڤ لەگەڵ ئیسپانییەکدا جیاوازە. ئێمە دەبێ ئەمە پەیدا بکەین. ئەوەی کلۆدل لەکلتوری فەرەنسیدا پەیدای کردووە.

***تۆ دەڵێیت دەبێ تەکنیکمان هەبێت، زمانی ئەمکارەمان هەبێت، هونەرمەندمان هەبێت، تا ئەم ڕۆحە وەدەست بخەین، بەڵام لێرەدا بینەریش هەیە کە سەبارەت بەوەی شانۆیە، فیدباکی هەیە، ئەو شیدەکاتەوە، یان لەمەر ئەو بێلایەنە. پێتوانییە لەم بوارەدا دووچاری کێشەگەلێکی زۆرین؟**

–ئێمە دەبێ فێرببین. هەمووان پێویستمان بەفێربوون هەیە. سەرجەم کۆمەڵگای ئێران ئەم کێشەیەی هەیە. ئێرانییەکان تا پەنجاساڵ بەرلەئێستاش لاسایی ئەوروپاییەکانیان دەکردەوە. هەنوکە تێگەیشتوون کە ئەم شانۆیە خاڵی بووە لەڕۆحی ئێرانێتی.

***بەڵام گشت باسەکەی من لەسەر هەمان کۆتە کە هەموو بوارەکانی ژیانی ئێمەی لەخۆگرتووە. بۆ نمونە شیعری کوردی، کلتوری کوردی...تاد، ئەم کۆتە توانستی هەرکام لەم چەمکانەی سنوردارکردووە. تۆ دەڵێیت شانۆ ناسێنەرو خەسڵەتی کۆمەڵگای مۆدێرنەو دەزانین مۆدێرنبوون کەڵکەڵەو ئەزموونێکی مرۆیی هاوبەشە. شانۆ دەتوانێ بەقەرزوەرگرتن لەتایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەك یا میللەتێك بگۆڕێت بۆ بوارێك بۆ باسکردنی، کەڵکەڵە هاوبەشە مرۆییەکانو هاوکات هاوکاری بەرجەستەکردنی تایبەتمەندییەکانی کلتورێکی تایبەتیش دەکات. بەڵام بۆ ئێمە، بەرلەهەمووشتێك لەبازنەیەکی خوێندنەوەی ئایدۆلۆژییانەدا گرفتار دەبێتو ناتوانێ بەشداری لەباسکردنی کەڵکەڵە هاوبەشەکانو ڕەنجە هاوبەشە مرۆییەکانیش بکاتو ئەمکارە دەبێتەمایەی ئەوەیکە کە هەموو شتێکی ئێمە وەك ئەدەبیات، کلتور، هونەرو... توانای تەیکردنی لەسنورەکانی تردا نەبێتو لەپانتاییەکی سنورداری هەمان کۆتدا بەگەمارۆیی بمێنێتەوەو؟**

–تیۆرەکەی تۆ بەتەواوەتی هەڵەیە.

***مۆڵەت بدە قسەکانم تەواو بکەم؟**

–مۆڵەت نادەم، چونکە تیۆرەکەی تۆ بەتەواوەتی هەڵەیە. شکسپیر بەرلەوەی کە لەبیری منوتۆدا بێت، بۆ سەردەمی خۆی لەلەندەن نوسیوییەتی. ئەم مرۆڤایەتییە هاوبەشە کە تۆ دەیڵێیت لەکوێیە؟ ئەڵمانیا کە سەیری دەکەیت



دەبینیت گۆتە لەباڤاریا بۆ خەڵکی خۆی کاریکردووەو دواتر میللەتەکانی تر دەریانهێناوەو بەرلەهەرشتێك؛ ئەڵمانییە. شیلەر بەرلەهەرشتێك سەبارەت بەمێژووی ئەڵمانیا کاردەکات...

***هەموو کەسێك لەهەڵبژاردنی بابەتو بەرژەوەندییەکانی کاری خۆیدا دەبێ ئازاد بێت؟**

—من بەرلەهەرشتێك دەبێ بۆ میللەتی خۆم کاربکەم. من کارم بەپاکستانی نییە. هونەر رەنگدانەوەی رۆحو سایکۆلۆژیای میللەتێکە لەبوارێکی مێژوویی تایبەتدا. فەرەنسییەکان بەرلەهەرشتێك بۆ فەرەنسییەکان کاردەکەن. (کامۆ) بەرلەهەرشتێك پەیوەندیدارە بەفەرەنساوە. (بریخت) بەرلەهەرشتێك، لەبەرامبەر فاشیزمی ئەڵمانیدا کاردانەوەی نیشان داوەو دواتر رێسایەکی بەرهەمهێناوە کە لەشوێنەکانی تریشدا کاردانەوەی هەبووە. کە دێینە پێشتر، پیتەر هاندیش بەهەمان شێوەیە، مۆلەریش بەهەمانشێوەیە. پیتەر هاند کە دەڵێت: زمان مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێتو دواتر بەزمانی ئەڵمانی کاردەکاتو کارێکی بەزمانی کوردی نییە.

***ئەگەر بەمجۆرە بەرەوپێش برۆین، کە هەموو شتێك دەبێتە ئایدۆلۆژیو دەبێ بۆ سەلماندنیان پەنا بۆ رێگاکانی تر ببردرێت؟**

—من لەئایدۆلۆژی نەدوام. من لەرۆحی مرۆیی دەدوێم. هونەر بایەخ دەداتە کاردانەوەی ئەم رۆحە. ئێمە هەنوکە کارگەیەکمان نییە کە دەهەزار کرێکاری هەبێت، ئێمە هەنوکە بۆ تێپەربوون بەبارودۆخە زۆر ئاشکراکاندا کێشەمان هەیە، کام ئایدۆلۆژی؟

***هەمان ئەو لەمپەرانەی کە تۆ باسی دەکەیت، بەرهەمی ئایدۆلۆژییەکانن؟**

—ئێمە ئەرکی سەرشانمانە بەر لەهەرشتێك لەرێگەی شیعر، شانۆ، رۆژنامە، سینەماو... مۆدێرنێتە بخەینە کۆمەڵگەی خۆمانەوە. ستراکتوری کۆمەڵگای کوردیی هێشتا نەرێتییە.

**سەرچاوە:**
(www.pikenet.org)